زنجیره ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست ( ٢٥ )

# چیرۆکی

# مەسیحی دەجال

## وە دابەزینی پێغەمبەر عیسی ( علیه السلام )

## وە هەڵسانی بە کوشتنی دەجال

بەپێنوسی زانای پایەبەرز

**محمد ناصرالدين الالباني ( رحمه الله )**

وەرگێڕانی:

**م. عبداللطيف احمد مصطفى**

( باوکی عبدالحق )

==================================================

**لە بڵاوکراوەکانی سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

====================

**تێبینی** : مافی بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو سایتێکە بە مەرجێ وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوەو دەستکاری نەکرێت

چاپی دووەم

١٤٢٩ کۆچی – ٢٠٠٨ زاینی

# ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیە بریتی یە لە :

پێشەکی
وشەی مەسیح چ مانایەك دەگەیەنێت ؟ وە حیکمەت چییە لە ناونانی
هەریەك لە پێغەمبەر عیسی(عليه السلام) و دەجال مەسیح ؟
ووشەی دەجال چ مانایەك دەگەیەنێت؟. وە حیکمەت چی یەلە ناونانی دەجال بەم ناوە؟
حیکمەت لە دەرکەوتنی دەجال چی یە؟
فیتنەو تاقیکردنەوەی دەجال گەورەترین و ترسناك ترین تاقیکردنەوەیە
ئاشوب و فیتنەی پێشەوا گومڕاکەرەکان (الأئمة المُضلين)
ترسناك ترە لە سەر ئەوانەی بە دەجال ناگەن
لە کوێ دەردەکەوێ؟ وە کێ شوێنی دەکەوێ؟
سیفەتەکانی مەسیحی دەجال
بانگەشەی چی دەکات؟
ئەو توانایانەی کە پێی دراون و، دەبنە هۆی خەڵەتاندن و گومڕاکردنی خەڵکی سادە و ساویلکە
ڕێگای خۆ پارێزی لە فیتنەی دەجال چی یە؟
کاتی دەرکەوتنی دەجال حاڵی موسوڵمانان لەو سەردەمەی دەجال تێیدا دەردەکەوێت چۆن دەبێت؟
جەنگێکی گەورەو، سەرکەوتنی موسوڵمانان بە سەر ڕۆمەکانداو، ڕزگار کردنەوەی (قُسطنطينية)
ماوەی مانەوەی دەجال
ووشکانیو برسێتیەکی زۆر پێش هاتنی دەجال
ئەو شوێنانەی کە دەجال نایانگاتێ
ڕێنمایی یەکانی پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆ خۆ پارێزی لە فیتنەی دەجال
دابەزینی پێغەمبەر عیسی(عليه السلام) وە کات و شوێن و چۆنیەتیەکەی وە حیکمەت لە دابەزینی ئەو بەتایبەت
سیفەتەکانی پێغەمبەر عیسی(عليه السلام)
لە ناوچوونی دەجال و جولەکە شوێن کەوتەکانی و کۆتایی هاتنی ئاشوبو فیتنەکەی
بەچی حوکم دەکات ئەرك و بەرنامەی پێغەمبەر عیسی(عليه السلام)
دوای کوشتنی دەجال وە بڵاوبونەوەی ئاسایش و بەرەکەت لە سەردەمی ئەودا
حەج کردنی پێغەمبەر عیسی (عليه السلام)
پلەی ئەوانەی هاوەڵێتی ئەو دەکەن
دەرکەوتنی يأجوج و مأجوج
ژیان خۆشی دوای کوشتنی دەجال و لەناو چوونی يأجوج و مأجوج
فەترەی مانەوەی لەسە پێغەمبەر عیسی (عليه السلام)لەسەر زەوی دوای دابەزینی. وە مردنی ئەوو، بڕوادارانیش دوای خۆی
ڕۆژی دوایی بەسەر کێ دا دێت و دونیا بەسەر کێ دا خەراپ دەبێت ؟
کۆتایی

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد ان لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ (ال عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ (النساء :١)

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ (الاحزاب :٧٠ –٧١)

أما بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد ﷺ وشر الامور محدثاتها، وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار .

==========================================

# پێشەكی

هەر وەك ڕوون و ئاشكرایە یەكێك لە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە باوەڕ بوون بە ڕۆژی دوایی كە ڕوكنێكە لە پایەكانی ئیمان، وە بەر لە هاتنی ڕۆژی دوایی نیشانەی گەورەو بچووك هەیە، وە یەكێك لە نیشانە گەورەكانی: دەرچوونی مەسیحی دەججالە، وە دابەزینی (عیسی)ی كوڕی (مریم)ە.

وە لەبەر مەزنی و گەورەیی ئەو ڕووداوەو شەڕی فیتنەی دەججال پێغەمبەری خوا ﷺ بەدرێژی بۆی باس كردووین بە ووردی، وە ئاگاداری پێ داوین لێی، وە سیفەتەكانی بۆ باس كردووین، وە ئەو شتانەی كە دەبێتە خۆپاریزی كردن لە شەڕی فیتنەی فێری كردووین، بۆیە فێری كردووین تەنانەت لە ناو نوێژەكانمان پەنا بگرین بە خوا لە شەڕی.

وەهەر لەبەر گرنگی بابەتەكەیە زانای پایە بەرزی فەرمووده ناسی سەردەم (محمد ناصرالدين الالبانی~) ئەم كیتابەی داناوە، وە ئەمە بە یەكێك لە كتێبە جوانەكانی دەژمێردرێت كە بۆ موسڵمانانی جێ هێشتووە.

وە ئەوەی هانی شێخ ئەلبانی دا بۆ دانانی ئەم كیتابە ـ هەر وەك خۆی لە سەرەتاكەیەوە باسی دەكات ـ دوو خاڵ بووە :

یەكەمیان: گومانی زۆرێك لەوانەی كە خۆیان دەدەنە پاڵ عیلم (وەك قرضاوي وێنەی ئەمانە) لە عەقیدەی دابەزینی پێغەمبەر (عیسی) (علیه السلام)و كوشتنی دەججال لە دوا زەماندا .

دووەمیان: خەڵكی بەگشتی ـ مەگەر ئەوەی خودا بیەوێت ـ باسی دەرچوونی دەججال و دابەزینی پێغەمبەر (عیسی) (علیه السلام) ناكەن .وە هەر بۆیە منیش بە پێویستم زانی كیتابە بە نرخە وەرگێرمە سەر زمانی كوردی تا وەكو موسڵمانان بێ ئاگانەبن وە ئەوە بزانن كە ئەمە لە عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەتە، وە بۆیە لەسەر داوا كردنی زۆرێك لە موسڵمانان جارێكی تر بە چاپمان گەیاند بە هیوای سوود وەرگرتن .

والحَمْدُلله ربِّ العالَمين

ل.وەرگێڕ

٣/ ربيع الأول/١٤٢٩

## ووشەی مەسیح چ مانایەك دەگەیەنێت؟
## وە حیكمەت چی یە لە ناونانی هەریەك لە پێغەمبەر عیسی (علیه السلام) و، دەججال بە مەسیح ؟

وشەی مەسیح لە زمانی عەرەبیدا لەسەر وەزنی (فعیل)ە، كە بەدوو مانا دێت:

١. بە مانای اسم مفعول (ممسوح) واتە ڕەش بووەوو سڕاوە. وە بەو مانایەی بە دەججال دەوترێ مەسیح، چونكە چاوێكی سڕاوەتەوە و ڕەش بۆتەوە و نەماوە.

٢. بە مانای اسم فاعل (ماسح) واتە سڕەرەوەو دەست پێداهێنەر. وە بەو مانایە بە عیسا پێغەمبەر دەوترێت مەسیح، چونكە دەستی دەهێنا بەسەر نەخۆشداو بە ئیزنی خوا چاكی دەكردەوە.

- كەواتە دەججال مەسیحی گومڕایی یە. وەعیسی مەسیحی ڕێنمایی‌و هیدایەتە.

## ووشەی دەججال چ مانایەك دەگەیەنێت؟.
## وە حیكمەت چی یە لە ناونانی دەججال بەم ناوە؟

وشەی دەججال، لە (دَجَل)ەوە هاتووە، واتە داپۆشی، وە دەججال یەعنی زۆر داپۆشەر.
وە بۆیە بە دەججال ناو براوە، چونكە زۆر حەق دادەپۆشێ بە ناحەق‌و درۆ، وە هەروەها كوفرەكەی خۆی لە پێش چاوی خەڵكی دادەپۆشێ بە درۆو دەلەسەو فێڵ و سەر لێ شێواندن.

## حیكمەت لە دەركەوتنی دەججال چی یە؟.

خوای پەروەردگار بەندەكانی تاقی دەكاتەوە بە ناردنی دەججال بەو چەند دیاردە ناعادەتی و توانا سنوردارەیەوە. بەڵام پەروەردگاری بە ڕەحم چەند نیشانەیەكی داناوە بۆ ناسینی دەججال، بۆ ئەوەی خەڵكی زۆر پێی نەخەڵەتێن.

بەڵام دڵ نەخۆشەكان و ئەو نەفامانەی كە هەموو دیاردەیەكی ناعادەتی بە كەرامەت دادەنێن و جیاوازی ناكەن لە نێوان خوا پەرستی و
شەخس پەرستی، ئەوانە هەر دەخەڵتێن و دەكەونە داویەوەو شوێنی دەكەون.
بەڵام لە بەرامبەردا بڕوادارانی ڕاست و خوا بە تەنها پەرست پێی ناخەڵەتێن، بەڵكو ئیمانیان زیاتر پتەو دەبێت بە پەروەردگاریان[1].

۞۞۞۞ ۞۞۞۞

(١) قال القاضي عياض: ((ابتلى الله به عباده، وأقدره على أشياء من مقدورات الله تعالى...يدَّعي الإلهية، وهو في نفس دعواه مُكذِّبٌ لها بصورة حاله، ووجود دلائل الحدوث فيه، ونقص صورته، وعجزه عن إزالة العور الذي في عينيه، وعن إزالة الشاهد بكفره المكتوب بين عينيه.

ولهذه الدلائل وغيرها لايغتر به إلّا رعاع من الناس، لسدِّ الحاجة والفاقة؛ رغبة في سد الرمق، أو تقيَّة ، أو خوفا من أذاه، لأنه فتنة عظيمة...وأما أهل التوفيق، فلا يغترون به، ولا يُخدعون لِما معه، لما ذكرناه من الدلائل المكذِّبة له، مع ما سبق لهم من العلم بحاله، ولهذا يقول له الذي يقتله ثم يُحييه: **ما ازددت فيك إلاّ بصيرة))** شرح النووي لمسلم.

وقال ابن كثير: ((إن الدجال يمتحن الله به عباده بما يخلقه معه من الخوارق المشاهدة في زمانه...وهذا كله ليس بمخرفة، بل له حقيقة امتحن الله بها عباده في آخر الزمان؛ فيضل به كثيرا، ويهدي به كثيرا؛ يكفر المرتابون، ويزداد الذين آمنوا إيمانا)) (النهاية: الفتن والملاحم ١ | ١٢١).

## فیتنەو تاقیکردنەوەی دەججال گەورەترین و ترسناك ترین تاقیکردنەوەیە

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی**[1]:

ئەی خەڵکینە!، بەڕاستی هەر لەو کاتەوە کە خوای گەورە وەچەی ئادەمی دروست کردووە، لەسەر ڕووی زەوی هیچ فیتنەو تاقی کردنەوەیەکی گەورەترو سەخت تر لە فیتنەی دەججال نەبووەو ناشبێت، تاوەکو هاتنی ڕۆژی دوایی.

وە هەر موسوڵمانێك، لە تاقیکردنەوەو فیتنەی نێوان موسوڵمانان ـ کە لە پێش هاتنی دەججالەوە ڕوو دەدات ـ دەرچێت، ئەوە لە فیتنەی دەججالیش دەردەچێت ـ إن شاء الله ـ.

خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە، ئیللا ئوممەتەکەی وریا کردۆتەوە لە مەترسی دەججالە کوێری یەك چاو، وە منیش ئینزارتان دەکەمەوە، وە من کۆتایی پێغەمبەرانم و ئێوەش کۆتایی ئوممەتانن. کەواتە گومانی تێدا نی یە کە دەججال لە ناو ئێوەدا، وە لە سەردەمی ئێوەدا دەردەکەوێت.

وە باسی هاتنی دەججال ڕاستە، بەڵام ئایا کاتی هاتنی نزیکە؟. بەڵێ، چونکە هەر شتێك کە بەڕێوە بێت و لە هاتندا بێت، ئەوە هەر نزیکە.

## ئاشوبو فیتنەی پێشەوا گومڕاکەرەکان (الأئمة المُضلین) ترسناك ترە لە سەر ئەوانەی بە دەججال ناگەن.

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

ئەگەر لە کاتێکدا دەرکەوێت کە من لە ناوتاندابم، ئەوە من لەبری هەموو موسوڵمانان بەرەنگاری دەبمەوەو، بەڵگەو نیشانە پوچەڵەکانی هەڵدەوەشێنمەوە. وە ئەگەر لە دوای منیش دەرکەوت ئەوە هەر موسوڵمانەو پارێزگاری لە خۆی دەکات، بەئەندازەی عیلم و یەقینی بە خواو پەیامەکەی، لە بەرامبەری دەوەستێت.

( واتە ئەگەر تەواو خواناس و خوا پەرست بێت و، بە دین شارەزاو کار کردوو بێت، ئەوە هەڵناخەڵەتێت بە شوبهەکانی دەججال، ئەگەرنا ئەوە سەری لێ دەشێوێت و دەکەوێتە داویەوە). وە ﷺ فەرمووی: بەڵام دوای منیش پەروەردگار پارێزەرتان دەبێت بەهۆی زانا چاکەکانتانەوە[1].

---

[1] چیرۆکی مەسیحی دەججال و دابەزینی عیسا علیه السلام کە لەم نامیلکەیەدا خراوەتە بەردەست، بەو شێوەیەیە کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بەسەنەدی ڕاست گێڕدراوەتەوە. وە شێخ (محمد ناصر الدین الألباني)~ ~ ڕیوایەتەکانی کۆکردۆتەوەو ڕاستەکانی لێ هەڵبژاردوون. لە کتابێکیدا بەناوی (**قصة المسیح الدجال ونزول عیسی علیه الصلاة والسلام وقتله إیاه**) علی سیاق روایة أبي أمامة رضي الله عنه مضافاً إلیه ما صح عن غیره من الصحابة رضي الله عنهم. وە منیش پوختەکەیم کردووە بە کوردی، وە کردومەتە بەش بەش بەگوێرەی باسەکان و سەرە بابەتی گونجاوم بۆ داناون، وە چەند زیادە زانیاریەکی تری ڕاستیشم خستۆتە سەر بۆ زیاتر سوود وەرگرتن. وە هەرکەسێ بیەوێت دەقی فەرمودەکان بەزمانی عەرەبی بزانێت، ئەوە با بگەڕێتەوە بۆ کتابەکەی شێخ ئەلبانی~ .

[1] کەواتە زانایانی باش کە لە ناو کۆمەڵدا بن ئەوە پارێزەرن لە گومڕابوونی خەڵکەکەو، ڕەحمەت و هۆی بەختەوەریشن بۆ گەلەکانیان کە شوێنیان بکەون.

## لە کوێ دەردەکەوێ؟ وە کێ شوێنی دەکەوێ؟

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

دەجـال لـە ڕۆژ هەڵاتـەوە دەردەچـێت، لـە شـوێنێك کـە پـێی دەوترێـت (خوراسـان)، وە حـەفتا هـەزار لـە جولەکەکانی(ئەصبەهان)ی شوێن دەکەوێت، کە ڕوویان (دەم و چاویان) پانەو، کوڵمـەیان زەق و دەرچووە، وەك مەتـەرێز (قەڵغانی پارێزەر لە هێرشی بەرامبەر) (المجان المطرقة أي الترس).

وە لە ڕێگایەکەوە دەڕوات لە نێوان عێراق و شام، وە لە ڕاست و چەپی خۆی فەسادی وخراپەکاری بڵاو دەکاتەوە.

## سیفەتەکانی مەسیحی دەجال

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

ئەی بەندەکانی خوا، ئێوە خۆڕاگر بن خۆڕاگر لەسەر ئیمان و ئیسلامەکەتان، هەر چەندە ئازاریشتان بـدات و شوبهەشـتان بۆ بهێنێ، بۆ سەر لێ شێواندنتان.

وە من بۆتان وەسف دەکەم، وەسف کردن و باس کردنێك وەها کە هیچ پێغەمبـەرێکی پـێش مـن، بـەو شـێوەیە بەتـەواوی باسی نەکردووە.

وەئەم دەجالەش گەنجێکی ئەسمەری کوڵمـە سـوور (سـورکەی)[1] قـژ زۆری ئـاڵۆزو لـول و گـرژو بـڵاوە، وە کورتـە بـاڵای زەخمە، وە لەکاتی ڕۆیشتندا قاچەکانی (لینگەکانی) لێـك دوور دادەنێت، وەك منـداڵی خەتەنـە کـراو. ئەمـەش یەکێکـە لـە عەیبەکانی[2]

وە لە نێوان دوو چاوەکانی نوسراوە (کافر)، وە هەموو بڕوادارێکی خوێندەوارو نەخوێندەوار، یان [ هـەموو ئەوانـەی ڕقیـان لە ڕەفتاری دەجالە] ئەم نوسراوە دەخوێنێتەوە.

وە دەجال بە پارچە گۆشتێکی ئەستوری سەوزی درەوشاوە ناوچەی چەپی داپۆشـراوە. وەچاوی ڕاستیـشی لـە جێگـای خۆی ڕەش بۆتەوەو ڕوناکی تێدا نەماوە، وەکو دەنکە ترێی پوکاوەی ئاو تێدا نەماو وایـە، کـە نـە ڕۆچـووەو قوڵـە، وەنـە دەرچووەو زەقە. وە ئەمەش نیشانەیەکی تری درۆکەیەتی، چونکە پەروەردگارتان هیچ چاوی کوێر نییە.

وە نیشانەیەکی تری ئەوەیە، کە لەسەر زەویدا دەڕوات، بەڵام زەوی و ئاسمان موڵکی پەروەردگاری بونەوەرن.

وە ئەوەندە زۆر باسی دەجالم بۆ کردن، هەتا ترسـام لـەوەی لـە بـەر زۆری باسـەکان تـەواو لەبـەری نەکـەن و لێیـان تـێ نەگەن!.

---

[1] بڕوانە: (فتح الباري: ٦٠٩/١٤) شرح حديث (رقم ٧١٢٨).

[2] وەکو قۆڕ دەردەکەوێت .

## بانگەشەو (إدعاء)ی چی دەکات؟.

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

دەجال سەرەتای بانگەوازیەکەی بەوە دەست پێ دەکات دەڵێت: من پیپێغەمبەرم. لە حاڵەتێکدا کە هیچ پێغەمبەرێك نی یە دوای من!.

[ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەدرۆ هاتنەوەی ].

لە دواییدا زیاتر زێدەڕەوی دەکات و دەڵێت: من پەروەردگارتانم. لە حاڵەتێکدا کە پەروەردگارتان نابینن تا نەمرن. ( واتە لە دونیادا پەروەردگار نابینرێت، کەوابوو ئەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر درۆیەتی دەجال، چونکە دەی بینین و دەشڵێ من پەروەردگارتانم! ).

## ئەو توانایانەی کە پێی دراون، دەبنە هۆی خەڵەتاندن و گومڕاکردنی خەڵکی سادەو ساویلکە

لە حەدیسی ڕاستدا هاتووە کە:

١. یەکێك لە فیتنەکانی ئەوەیە، کە ڕوباری ئاوو کێوی نان (جبل الخبز)ی لەگەڵدایە، لە کاتێکدا کە خەڵکی پێویستیان بە نان و ئاوە[1].

٢. وە یەکێکی تر لە فیتنەکانی ئەوەیە، بە کابرایەکی عەرەبی دەشتەکی (الأعرابي) دەڵێت: ئەگەر بێت و من باوك و دایکە مردووەکانت بۆ زیندوو بکەمەوە، ئەو کاتە شاهیدی دەدەیت کە من پەروەردگارتم؟. عەرەبە نەزانەکەش دەڵێت: بەڵێ ئەو کاتە دوو شەیتان خۆیان دەهێننە سەر شێوەی دایك و باوکی لە پێش چاوی، وە دەڵێت ئەی ڕۆڵە شوێنی کەوە، بە ڕاستی ئەمە پەروەردگاری تۆیە!.

٣. وەیەکێکی تر لە فیتنەکانی ئەوەیە کە بەلای ئاوەدانیەکدا دەڕوات، وە بانگیان دەکات بۆ ئیمان پێهێنانی، ئەوانیش بە درۆی دادەنێن، کەچی کە بە جێیان دەهێڵێت، هیچ مەڕو ماڵات و ئاژەڵیان نامێنێت وهەمووی دەمرێت.

٤. وە لە فیتنەکانی تری ئەوەیە کە بەلای ئاوەدانیەکدا دەڕوات و بانگیان دەکات ئەوانیش ئیمانی پێ دەهێنن و وەڵامی دەدەنەوە. ئەویش فەرمان دەکات بە ئاسمان باران ببارێنێت؛ وە یەکسەر دەبارێت، وە فەرمان بەزەوی دەکات ڕووەك بڕوێنێت؛ وە یەکسەر دەڕوێت، تاوەکو ئاژەڵەکانیان ئەو ڕۆژە لە لەوەڕگا دەگەڕێننەوە بە تێرترین و قەڵەوترین شێوە، کە کەلەکەیان تێك شکاون و گوانیان پڕ بوون لە شیر لە هەموو ڕۆژێك زیاتر!.

٥. وە بەلای شوێنێکی وێرانی کاول بوودا دەڕوات و پێی دەڵێت: کەنزو زێڕو زیوو مادده بەهاکانی ناوەوەت فڕێدە دەرەوە، زەویش کەنزەکەی دەخاتە دەرەوەو، دەکەونە شوێن دەجال، وەکو کۆمەڵە هەنگ تۆپەڵ و یەك لە دوای یەك شوێن ئەمیرەکەیان دەکەون.

٦. وە لە فیتنە سەر لێ شێوێنەرەکانی دەجال ئەوەیە، کە دوو ڕووباری لەگەڵدایە بە وێنەی بەهەشت و دۆزەخ. یەکێکیان کە بەچاو دیارە ئاوێکی سپیەو دەڕوات، پێی دەڵێت (بەهەشت)، وە ئەوی تریشیان کە بە چاو دیارە ئاگرێکی هەڵگیرساوو بڵێسەدارە[1].

---

[1] (بڕوانە فتح الباری).

## ڕێگای خۆ پاریزی لە فیتنەی دەججال چی یە؟

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

جا هەرکەسێك لە ئێوەی موسوڵمان گەیشتە ئەو کاتەو، ئاوی ویست، ئەوە با لەو ڕووبارە بخواتەوە کە بە ئاگر دەبینێت، وە بە چاوەکانی بنوقێنێت و سەری خۆی دابنوێنێتەوە بۆ ناو ڕووبارە ئاگرەکە، ئەو کاتە یەکسەر ئاوێکی ساردی سازگاری باشی دەست دەکەوێت نەك ئاگر، چونکە ئاگرەکەی ئاوە.

جا هەر کەسێك توشی ئاگرەکەی بوو، ئەوە با داوای فریاکەوتن لە خوا بکات و سەرەتای سوڕەتی (الكهف)ی بەسەردا بخوێنێت، چونکە بەڕاستی ئەو ئایەتانەی سەرەتای سورەتی (الكهف) پەناتانن لە فیتنەی دەججال. وە ئەو ڕووبارەی کە بە ئاو دەبینن، لە ڕاستی دا ئاگرێکی سوتێنەرە، جا هەر کەسێك بچێتە ناویەوە، ئەجرو پاداشت و خێری لە دەست دەچێت گوناهی بۆ دەنوسرێت، بەڵام ئەوەی بچێتە ناو ئاگرەکەوە، ئەوە ئەجری بۆ دەنوسرێت و گوناهی لێ دەوەرێت.

## کاتی دەرکەوتنی دەججال
## حاڵی موسوڵمانان لەو سەردەمەی دەججال تێیدا دەردەکەوێت چۆن دەبێت؟
## جەنگێکی گەورەو، سەرکەوتنی موسوڵمانان بە سەر ڕۆمەکانداو، ڕزگار کردنەوەی (قُسطنطينية).

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

دەججال لە کاتێکدا دەردەکەوێت کە خەڵکی جیاجیاو ناکۆکن لەناو یەکتریداو ڕقیان لە یەکتریە، وە دین سوك بووە لە ناویانداو پەیوەندی نێوانیان تێك چووەو خراپ بووە.

لەو کاتەدا دەججال دەردەکەوێت و دەچێتە هەموو لایەك (فَيرِد كلَّ مَنهل) وە زەوی بۆ دەپێچرێتەوەو خڕدەبێتەوە، هەروەك چۆن کەوڵی بەران (فروة الكبش) خڕ دەبێتەوە ( مەبەست بە خڕبوونەوەو پێچرانەوەی زەوی بۆی، ئاسان گەیشتنیەتی بە هەموو لایەکی زەویداو، پیادا گەڕان وگەشت کردنیەتی تیایدا ).

وەدەر ناکەوێت تا ئەو کاتە کە ڕۆمەکان لە (أعماق) یا لە (دابق) [1] کۆدەبنەوە لە دژی موسوڵمانان، وە ئەهلی ئیسلامیش کۆدەبنەوە بۆیان. وە سوپایەك لە مەدینەوە دەردەچێ بۆ سەر ڕۆمەکان، کە ئەو سوپایە لە باشترین و هەڵبژێردراوترینی ئەهلی سەرزەوییە لەو کاتەدا.

جا کە بەرامبەر ڕۆمەکان وەستان، ڕۆمەکان دەڵێن: ئەی سوپا ئێوە ڕێگامان بۆ چۆڵ بکەن و وازمان لێ بهێنن تا بچینە سەر ئەو موسوڵمانانەی کە لە ئێمەیان بە دیل گرتووە (سَبَوا مِنا) بۆ ئەوەی بجەنگین دژیان.

---

[1] ئەوانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە وەلامدانەوەی هاوارکەرانی غەیری خوا لە شەیتانەوەیەو، تاقی کردنەوەی خوایی یەو، نیشانەی گومڕاییە نەك ڕێنمایی.

وە بۆ زیاتر دڵنیابوون لەم ڕاستیە بڕوانە کتێبی (**خوا پەرستی نەك شەخس پەرستی**) نوسەر .

[1] دوو شوێنن لە شام ، نزیك شاری حلب .

وە موسوڵمانەکانیش دەڵێن: نەخێر (واللّه) ڕێگاتان بۆ چۆڵ ناکەین بۆ سەر برا موسوڵمانەکانمان. ئەو کاتە دەجەنگین بە رامبەریان، وە لەو جەنگەدا هەڵگەڕانەوەیەکی توند ڕوو دەدات{ وتكون عند ذاكُمُ القتالِ ردةٌ شديدة} . وە موسوڵمانەکان، کۆمەڵە فیداکارێك دادەنێن کە نەگەڕێنەوە بە سەرکەوتویی نەبێت، ئەگەر هەمووشیان بکوژرێن.

وە جەنگێکی خەست ڕوودەدات تاوەکو تاریکایی شەو لێکیان جیادەکاتەوە وشەڕ دەوەستێ بە بێ سەرکەوتنی هیچ لایەك. وەدوایی ئەو کۆمەڵە فیداکارانە هەموویان لە ناو دەچن، بەڵام موسوڵمانان کۆمەڵە فیداکارێکی تر هەڵدەبژێرێت کە تا مردن نە گەڕێنەوە بە سەرکەوتویی نەبێتن، ئەوانیش دەجەنگن تاوەکو دیسان شەو کۆتایی بە جەنگ دەهێنێتو هەردوولا دەگەڕێنەوە بنکەکانیان بە بێ سەرکەوتنی هیچ لایەکیان. وە دوای جەنگانێکی تر ئەم کۆمەڵە فیداکارەش لە ناو دەچن. بەڵام بەهەمان شێوە موسوڵمانان کۆمەڵـــــە

فیداکارێکی تر دادەنێت کە نەگەڕێنەوە تا مردن بە سەر کەوتویی نەبێت. ئەوانیش دەجەنگن تا شەو، ئەوکاتە ناچار هەر دوولا دەگەڕێنەوە بێ سەر کەوتن، وە ئەو کۆمەڵە فیداکارەی سێهەمیش لە ناو دەچن.

وە کە ڕۆژی چوارەمی جەنگ هات باقی موسوڵمانان بۆ ڕۆمەکان ڕاست دەبنەوەو بە گژیاندا دەچنەوەو بەربەرەکانیان دەکەن، وە سێیەکی سوپای موسڵمانان پاشە کشە دەکات و ڕادەکات، وەخوای گەورەش

هەرگیز تۆبە لەوان قبوڵ ناکات. وە خوای گەورە مردن و بنەبڕکران لەسەر ڕۆمەکان دادەنێت کوشتارێکی وایان لێ دەکرێ کە وێنەی نە بینراوە، یا نابینرێت، بە شێوەیەکی وا کە باڵندە بەسەر لاشەکانیاندا بڕوات ناتوانێت لێیان تێپەڕکات و دەمرێت.

ئەوکاتە نەوەی باوکێك کەکاتی خۆی سەد کەس بوون ئێستا سەر ژمێری خۆیان دەکەنەوە سەیر دەکەن تەنها یەك پیاویان ماوە ! جا لەبەر ئەوە بەچ غەنیمەتێك دڵ خۆش دەبێت و چ میراتێك دابەش بکرێت؟!.

دوای ئەو سەرکەوتنە، موسڵمانان دەگەنە (قُسْطَنطنية ) (إستنبول) کە شارێکە لایەکی لە ووشکانییەو لایەکی تری لەناو دەریایە، وە ئەوشارە ڕۆمیەکان لە ئاخیری زەماندا داگیری دەکەن بە حەفتا هەزار کەس، بەڵام کاتێك موسڵمانە سەرکەوتوەکان دێنە سەر شارەکە ناجەنگن دژیان بە چەك و هیچ تیرێکیشیان بۆ ناهاوێ، بەڵکو تەنها دەڵێن: **لا إله إلا الله، والله أكبر**، ئەو کاتە یەکسەر یەکێك لە لایەکانی کە لەناو دەریادایە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکان، لەپاشان جارێکی تر دەڵێنەوە: **لا إله إلا الله والله أكبر**، ئەو کات لاکەی تریشی ژێر باری موسڵمانان دەبێت. وە بۆ جاری سێیەم دەڵێن: **لا إله إلا الله والله أكبر** ئەو کاتە ڕێگاو دەرگایان بۆ دەکرێتەوە، دەچنە ناو شارەوەو سەردەکەون و غەنیمەتیان دەست دەکەوێت.

وە لەکاتێکدا کە ئەوان غەنیمەت دابەش دەکەن لە ناو خۆیاندا و چەکەکانیشیان بەدرەختی زەیتونەوە هەڵواسیوە، شەیتان هاوار دەکات و دەڵێت: مەسیحی دەججال لە دواوە چۆتە سەر کەس و کارو ئەهلەکانتان !.

ئەوانیش ئەو غەنیمەتەی لە دەستیاندا بوو فڕێ ی دەدەن و دەردەچن.[وە ئەو هەواڵەی شەیتان درۆیە]. وە موسڵمانان لە پێش خۆیانەوە (دە) سوار دەنێرن.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (من دەزانم ناوی خۆشیان و باوکەکانیشیان چ‌یە، وەڕەنگی ووڵاخەکانیشیان دەزانم، وە ئەو (دە) سوارە باشترین و چاکترین سواری سەر زەوین لەو کاتەدا. جا کە گەیشتنە شام ئەوکاتە دەججال دەردەکەوێت).

## ماوەی مانەوەی دەجال

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

دەجال چل ڕۆژ دەمێنێتەوە، بەڵام ڕۆژێكیانی وەك ساڵێكە، وە ڕۆژێكیشیانی وەك مانگێكە. وە ڕۆژێكیشیانی وەك هەفتەیەكە، وە باقی ڕۆژەكانی تریشی وەك ڕۆژە عادەتیەكانی ئێوەیە.

فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەو ڕۆژەی كە وەكو ساڵێك وایە، ئایا نوێژی تەنها یەك ڕۆژ تیایدا بەسە؟!.

فەرموویی: نەخێر، ئەندازەی ڕۆژی ئاسایی دابنێت لە ناو ئەو ڕۆژە درێژەی كە وەكو ساڵێكە.

{واتە: چۆن لە هەر بیست و چوار سەعاتێكدا پێنج نوێژ دەكرێت بەهەمان شێوەش لە هەموو بیست و چوار سەعاتێكی ئەو ڕۆژەدا}.

فەرموویان: **خێرایەكەی لە زەویدا چۆنە**؟.

فەرموویی: وەكو بارانێك كە بایەكی لە پشتەوە بێت و پاڵی پێوە بنێ.

## ووشكانیو برسێتیەكی زۆر پێش هاتنی دەجال

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

وە پێش هاتنی دەجال سێ ساڵی زۆر ووشكانی و گرانی دەبێت، خەڵكی زۆر توشی برسیەتی دەبن تیایاندا.

خوای گەورە لە ساڵێ یەكەمدا فەرمان دەكات بە ئاسمان كە سێیەكی باران بهێڵێتەوە و نەی بارێنێت. وەفەرمانیش بەزەوی دەكات كە سێیەكی ڕووەكی نەڕوێنێت.

وە ساڵی دووەم فەرمان دەكات بەگرتنەوەی دوو سێیەكی(٢\٣)ی

باران و ڕووەك.

وە ساڵی سێهەم فەرمان دەكات بەگرتنەوەی هەموو باران و ڕووەك، جا ئەو ساڵە قەترە ئاوێك نا بارێت و چڵە ڕووەكێك ناڕوێت و سەوز نابێت، وە گشت مەڕو ماڵات دەمرن تەنها ئەوە نەبێت كە خوا ویستی مانەوەی هەیە.

وترا: ئەی چ شتێك خۆراكی خەڵكی دەبێت لەو زەمانەدا؟.

فەرموویی: {لا إله إلا الله، الله أكبر، سبحان الله، والحمد لله}.

(واتە ئەم زیكرانە شوێنی خواردنیان بۆ دەگرنەوە).

## ئەو شوێنانەی كە دەجال نایانگاتێ

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

هیچ شوێنێك نامێنێت لە سەر زەوی ئیللا بە سەریدا دەڕوات و تیایدا دەردەكەوێت، تەنها چوار شوێن نەبێت:

**(مزگەوتی مەككە، مزگەوتی مەدینە، كێوی طور، مزگەوتی أقصی).**

وەكە بیەوێت لە هەر ڕێبازو كەلێنێكی مەككەو مەدینەوە بچێتە ژوورەوە، ئەوا مەلائیكە بە شمشێری دەركێشراوی ئامادەوە بەر پەرچی دەدەنەوە.

وە هیچ شارێك نامێنێت ئیللا ترسی مەسیحی دەججال دەیگاتێ، تەنها مەدینە نەبێت، کە ئەو کاتە حەوت دەرگای دەبێت و لەسەر هەر دەروازەیەکی دوو فریشتە پاسەوانی دەکەن و مەترسی مەسیحی دەججال ڕەت دەکەنەوە، تاوەکو دەگاتە لای زەویە ڕووکەش خوێیاوکەکەی (جُرف)، کە شوێنێکە لە پشت کێوی ئوحد، لەوێ دادەبەزێت و تارمەیەك (کەپرێك) بۆ خۆی دروست دەکات.

وە شاری مەدینە سێ لەرزەی تێ دەکەوێت کە خەڵکی دێتە هەژان و لەرزان، ئەو کاتە هیچ مونافیقێکی پیاوو ژن نامێنێت ئیللا لە شار دەچێتە دەرەوە بۆ لای دەججال، وە شاری مەدینە مرۆڤە پیسەکانی فڕێ دەداتە دەرەوە بەرەو دەججال هەروەکو چۆن کوورەی ئاسن چڵكو ژەنگو پیسی ئاسن فڕێ دەداتو پاکی دەکاتەوە، ئەو ڕۆژەش ئاوا مەدینە پاك دەبێتەوە و بەو ڕۆژە دەووترێت ڕۆژی پاك بوونەوەو پالاوتن، وە زۆربەی ئەوانەی دەچنە دەرەوە بۆ لای دەججال لە ئافرەتانن.

پیاوێکی گەنج لە بڕوادارانن کە لە باشترینی یانە لەو ڕۆژەدا دەڕوات بەرەو دەججال وە پاسەوانە چەکدارەکانی دەججال بەرەو ڕووی دەبنەوەو پێی دەڵێن: بەرەو کوێت مەبەستە؟.

دەڵێت: بەرەو ئەوەی کە دەرکەوتووە (واتە بەرەو دەججال).

پێی دەڵێن: ئەوە تۆ ئیمان ناهێنی بە پەروەردگارمان؟.

دەڵێت: پەروەردگاری ئێمە ونو نادیارو نەناسراو نییە (ما بِرَبِّنا خَفاءٌ).

دەڵێن: بیکوژن.

ئەو جار هەندێکیان بە هەندێکیان دەڵێن: ئەی پەروەردگارتان قەدەغەی نەکرد لێتان کەکەس بکوژن بێ ئەو؟. واتە پێش ئاگاداری ئەو؟. ئەو کاتە دەیبەن بۆ لای دەججال، وە کە دەججالی بینی دەڵێت: ئەی خەڵکینە، شاهیدی دەدەم کە ئەمەیە ئەو دەججالەی کە پێغەمبەر ﷺ بۆی باس کردووین.

ئەو کاتە دەججال ئەمر دەکات درێژی بکەن بۆ لێدان، وەپشت و سکی لێك دەکێشنەوە بە لێدان (واتە زۆری لێ دەدەن تا پشتی نەرم دەبێتو وەك پێستەیەك بە لێدان لێك دەکشێت و تەخت دەبێت لەگەڵ زەوێدا ). ئەو کاتە پێی دەڵێت: ئێستا ئیمانم پێ ناهێنێت؟..

دەڵێت: تۆ مەسیحی دەجالیت.

دەجال بە شوێن کەوتوەکانی خۆی دەڵێت: ئەگەر بیکوژمو دوایی زیندوی بکەمەوە گومانتان دەمێنێ بەخوایەتی من؟.

دەڵێن: نەخێر.

ئەو جار فەرمان دەکاتو بەمشار لە ناوەڕاستی سەریەوە تا دوو لاقەکانی لێك جیا دەکرێتەوەو، دەیکاتە دوو پارچەو لێکیان دوور دەخاتەوە، وە خۆی بە نێوان هەردوو پارچەکەدا دەڕوات، لە دواییشدا بە دوو بەشەکە دەڵێت: هەستەوە.

ئەویش دێتەوە یەك و دروست دەبێتەوەو ڕاست دەبێتەوە وەکو جاران. لە پاشان بانگی دەکات، ئەویش بۆ لای دێت بە ڕوویەکی گەشاوەو درەوشاوە پێدەکەنێ، ئەو جار پێی دەڵێت: ئێستا ئیمانم پێ دەهێنیت؟.

ئەویش دەڵێت: سوێند بەخوا زیاتر دڵنیایم بۆ زیاد بوو لە سەر بیروباوەڕی پێشووم سەبارەت بە تۆ، ئەوجار گەنجەکە دەڵێت: ئەی خەڵکینە لە دوای من دەججال ناتوانێ وا لە کەس بکات.

دەججالیش دەیگرێت بۆ ئەوەی سەری ببڕێت، بەڵام بە مس لە گەردنی تا ئێسقانی چۆڵەمەی سینکی دەبەسترێت، لەبەر ئەوە توانای سەربڕینی نابێت، وە دوو دەستو دوو قاچەکانی دەگرێتو فڕێی دەدات، وە خەڵکی وا حیساب دەکەن کە فڕێی داوەتە ناو ئاگر، بەڵام لە ڕاستی دا فڕێ دراوەتە ناو بەهەشتەوە، وە ئەوە شەهیدیەکەی لە هەموو خەڵکی گەورە ترە لای پەروەردگار.

دوای ئەوە مەلائیکەت ڕووی پێ وەر دەگێڕن بەرەو شام لە پاشان دێت بۆ کێوی (إیلیا)، وە لەوێ دەورەی کۆمەڵێك لە موسوڵمانان دەدات، موسڵمانەکان تووشی نارەحەتیەکی زۆر توند دەبن. وە خەڵکی لە دەججال ڕادەکەن بۆ ناو کێوەکان.

وە پێشەوای موسڵمانەکان[1] پێیان دەڵێت: چ چاوەڕێی ئەو زێدەڕەوە دەکەن؟! مەگەر بجەنگن دژی تا دەگەن بەخوا (واتە شەهید دەبن)، یان سەرتان دەخاتو ڕزگارتان دەکات لێی.

وە پێشەوای موسڵمانەکان پێش دەکەوێت بۆ پێش نوێژی.

## ڕێنمایی یەکانی پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆ خۆ پارێزی لە فیتنەی دەجججال

١- ناسینی پەروەردگارمان ناسینێکی ڕاستو دروست لە ڕوانگەی ئەو ناوو صیفەتانەی کە لە قورئانو سوننەتدا هاتووەو ئیمان هێنان پێی بەم شێوەیە.

وە ناسینی صیفەتەکانی دەججال وەك لە حەدیسدا هاتوون.

جا لە بەراورد کردنی صیفەتەکانی دەجال، لەگەڵ صیفەتەکانی پەروەردگار، بۆمان دەردەکەوێت کە دەججال دروست کراوێکی عەیب داری ناتەواوە. بەڵام خوای گەورە دروست کارەو جوانو بەهێزو تەواوە.

بۆ نمونە:

- دەججال هەردوو چاوەکانی عەیب دارنو یەکێکیانی بەتەواوی کوێرە.

بەڵام پەروەردگارمان ئەو عەیبانەی نییە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: (إنَّ الدجال أعور وإنَّ ربكم ليس بأعور).

- پەروەردگار جوانەو تەواوە، وەك لە حەدیسدا هاتوە (إنَّ اللهَ جَمِيلٌ يُحبُ الجَمَال).

بەڵام دەججال ناشیرینو ناڕێكو ناتەواوە لە دەمو چاویدا، وە لە ڕۆیشتنیدا، وە لە سەرو قژیدا، وە لە هەموو ڕەفتارو ئاکاریدا.

- پەروەردگار دروستکاری هەموو بونەوەرە، بەڵام دەججال توانای چاك کردنەوەی تەنانەت چاوە کوێرەکەی خۆیشی نییە.
- پەروەردگار دروستکارو مرێنەری هەموو بونەوەرە، بەڵام دەججال ناتوانێت لە یەك کەس زیاتر بکوژێتو زیندوی بکاتەوە، وە بۆ جاری دووەم توانای کوشتنی ئەویشی نامێنێتەوە!.

---

[1] پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: پێشەوای موسڵمانان پیاوێکی چاکەو لە ئەهلی خۆمە (أهل البيت)، لە نەوەی (فاطمة) یە، خوای گەورە لە شەوێکدا ئامادەی دەکات بۆ پێشەوایەتی کردنی موسڵمانان. ناوی خۆی وەکو ناوی من وایە، ناوی باوکیشی وەکو ناوی باوکم وایە. نێوچاوان فراوانە... زەوی پڕ دەکات لە عەدالەتو دادپەروەری هەروەك چۆن پڕ بوو لە زوڵم و ستەم. وە حەوت ساڵ حوکم دەکات. [ئەو پێشەوایە عادلە ئیمامی مەهدییە کە ناوی (محمدی کوڕی عبدالله)یەو لە نەوەی حەسەنی کوڕی ئیمام عەلیە ڕەزای خوایان لێ بێت].

• کەس لە دونیا توانای بینینی پەروەردگاری نییە، بەڵام دەججالە یەك چاو خەڵكی موسڵمانو كافر لە دونیا دەیبینن .

٢- پەنا گرتن بەخوا لە فیتنەی دەججال، بە تایبەت لە نوێژدا، وە لە کاتی هاتنیشی.

وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردوینو لەسەری واجب کردوین کە لە هەموو نوێژێکدا دوای تـەحیاتو شـایەتمان، پـێش سـەلام دانەوەی نوێژ بڵێین:

(اللهُمَّ إِنِي أعوذ بك من عذابِ جهنم، ومِنْ عَذَابِ القبر، ومِنْ فتنةِ المحيا والممات، ومن فتنة المسيح الدجال) صحيح مسلم .

واتە: ئەی خوای ئێمە من پەنا بەتۆ دەگرم لە سزای دۆزەخ، وە لە سزای بەرزەخ (گۆڕ)، وە لـە فیتنـەو ئاشـوبی ژیـانو مـردن، وە لە فیتنەی دەججال. ئیمامی (طاوس) کە لە گەورە تابیعیەکان بوو، وە پەنجا لـە هـاوەڵانی پێغەمبـەریﷺ بینیبـوو: فـەرمانی بـە کوڕەکەی دەکرد بە دووبارە کردنەوەی نوێژەکەی ئەگەر ئەو دوعایەی تێدا نەخوێندایە [1] !.

٣- لەبەر کردنی دە ئایەتی سەرەتای سوڕەتی (الكهف). وەخوێندنەوەیان کاتی بینینی دەججال.

وەك لە حەدیسدا هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

*(من حفظ عشر آيات من أول سورة الكهف، عصم من الدجال) أي من فتنته[1].

واتە: هەر کەسێك دە ئایەتی سەرەتایی سورەتی کەهف لەبەر بکات ئەوە لە فیتنەی دەججال پارێزراو دەبێت.

*(من أدركه منكم فليقرأ عليه فواتح سورة الكهف)[2].

واتە: هەرکەسێ گەیشت بە دەججال با سەرەتای سوڕەتی کەهفی بە سەردا بخوێنێتەوە.

وە خوێندنەوەی سوڕەتی کەهف بە گشتی زۆر خێرو بەسودە بە تایبەت لە ڕۆژانی جومعە [3].

٤- ڕاکردن لە دەججالو دورکەوتنەوە لێی، چـونکە شـوبهەو گومـانی زۆر دەخاتـە دڵـی زۆر لـە موسـوڵمانان و توشـی گومڕاییـان دەکات پەنا بەخوا. وە پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرموویەتی: ( من سمع بالدجال" فَلْيَنْأَ عنه" فَوَالله إن الرجـل ليأتيـه، وهـو يحسب أنـه مؤمن، فيتبعه مما يبعث به من الشبهات أو لما يبعث به من الشبهات)[1].

واتە: (هەر کەسێ بیستی دەججال دەرکەوتوەو نزیك بۆتەوە، با لێی دوورکەوێتـەوە، چـونکە سـوێند بـەخوا پیـاوی وا هەیـە کـە دێـت بـۆ لای دەججال و لێی نزیك دەبێتەوە. وا لە خۆی ڕادەبینێت کـە بـڕوادارەو بـە شـوبهەکانی دەججـال ناخەڵـەتێت، بـەڵام کـە پێـی گەیـشت شـوێنی دەکەوێت و پێی دەخەڵەتێت، بە هۆی ئەو هەموو شوبهەو گومانانەی کە دروستی دەکات لـە دڵیـداو ئـەو دیـاردە سـەیرو گـەورە نائاسـاییانەی (خوارق العاده) کە لێیەوە دەر دەکەون[2].

٥- نیشتەجێ بوون لە مەککە یا مەدینە، چونکە دەججال ناتوانێت بچێتە ناو ئەم دوو شارە بەڕێزەوە. وەك لە حەدیسدا هاتووە.

---

[1] بڕوانە شرح مسلم للنووی.

[1] رواه مسلم.

[2] رواه مسلم.

[3] بڕوانە صحيح الجامع الصغير (٦٣٤٦).

[1] رواه أحمد وأبو داود، بڕوانە: صحيح الجامع الصغير وزيادته (٦١٧٧).

[2] کەواتە پێویستە مرۆڤی موسوڵمان دورکەوێتەوە لە هەر شتێك کە شوبهەی تێدابێت وگومانی بۆ دروست بکات لە دین و بیرو باوەڕەکەیدا. وە لەبەرئەوەیە زانایانمان فەرمویانـە دروسـت نییـە لای بیدعـەکاران (أهـل البـدع) دابنیـشیت و گوێیـان لێ بگریـت و نوسـراویان بخوێنێتـەوە. کەواتە وریابەو بە زانیاری و ئیمانی خۆت مەنازەو مەخەڵەتێ .

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە تەنها نیشتەجێ بوون لەم دوو شارە، نابێتە پارێزەری مرۆڤ لە دەجال، ئەگەر ئیمانداریێکی خوا بە تەنها پەرستی ڕاست نەبێت، چونکە کەسانێکی زۆر لە ئەهلی ناو مەدینە لە کاتی نزیك بوونەوەی دەجال لە مەدینە، لە شار دەچنە دەرەوە بۆ لای دەجال و ئیمانی پێ دەهێنن، چونکە ئیمانداری ڕاست نەبوون و مونافیق و دوو ڕوو بوون! کەواتە نیشتەجێ بوون لە دوو شارە پارێزراوەکە هۆیەکی سەرەکی نی یە بۆ خۆ پارێزی لە دەجال، بەڵکو هۆی سەرەکی ئیمان و کردەوەی چاك و زانیاری ڕاستەقینەیە.

## دابەزینی پێغەمبەر عیسی (علیه السلام)

## وە کات و شوێن و چۆنیەتیەکەی

## وە حیکمەت لە دابەزینی ئەو بەتاییەت

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

جا لە کاتێکدا کە پێشەوای موسڵمانان لە پێشیانەوە پێش نوێژیان بۆ دەکات. لەو کاتەدا (عیسی)ی کوڕی مەریەم(عليه السلام) لە ئاسمان دادەبەزێت بۆ لای منارە سپیەکەی ڕۆژهەڵات (دیمەشق) لە دوو پۆشاکی ڕەنگ کراودا بە وەرسی زەعفەران دوو لەپە دەستەکانی لەسەر باڵی دوو مەلائیکە داناوە کە سەر بەرز کات و نەوی بکات، دڵۆپە ئاوی سافی لە شێوەی دەنکە زیوی شێوە مرواری لێ دەتکێت [1].

---

[1] **جولەکە غەزەب لێ گیراوەکان وا بانگەشەو ئیدیعا دەکەن کە عیسا پێغەمبەریان کوشتووەو لەخاچیان داوە، وە گاورە گومڕاکانیش باوەڕیان کردووە بە قسە درۆیەکەیان. بەڵام قورئان بەدرۆی هێناونەتەوەو فەرمویەتی:** ﴿وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا (١٥٧) بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا (١٥٨) وَإِنْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا (١٥٩)﴾ [النساء: ١٥٧-١٥٩]. **واتە: بە هۆی ئەو قسەیەشیان کە دەیان وت: بەڕاستی ئێمە مەسیح پێغەمبەری کوڕی مەریەممان کوشتووە، کەچی لەڕاستیشدا نە کوشتوویانەو نە لە خاچیشیان داوە، بەڵکو لێیان تێك چووەو، لەبری ئەو یەکێکی تریان کوشت و لە خاچیان دا کە بەویان شوبهاندوو بەو لێی حاڵی بوون...نەخێر بەڵکو خوا بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان بۆ لای خۆی، وە خوا هەمیشە باڵا دەست و دانایە. وە هیچ کەسێك نامێنێت لە جولەکەو گاورەکانی کاتی دابەزینی عیسی ئیللا باوەڕ دەهێنێت پێی پێش مردنی عیسی. [جولەکەکان بۆیان دەردەکەوێ کە درۆزن نەبووەو کوڕی زانیە نییەو پاکە خۆی و دایکیشی، وە گاورەکانیش بۆیان دەردەکەوێت کە عیسا کوڕی خوا نییەو خواش نییە، بەڵکو عەبدو بەندەی خوایەو، تێکڕاش باوەڕ دەهێنن کە نێردراوی خوایە، وە کەس لێی قەبووڵ ناکرێت لە سەر هیچ دینێك بمێنێتەوە جگە لە ئیسلام] وە ڕۆژی قیامەتیش شایەتە بە سەریانەوە.**

**ئیمامی ابن کثیر . ڕەحمەتی خوای لێ بێت . دەفەرمووێت: ((مەبەست بەم ئایەتە ئەوەیە کە باسمان کرد لە داننان بە بوونی عیسی** علیه السلام **وە مانی ژیانی لە ئاسمان، وە ئەو دادەبەزێت بۆ سەر زەوی بەر لە ڕۆژی قیامەت بۆ ئەوەی ئەوانەو ئەمانە بە درۆ بخاتەوە لە جوولەکەو گاور ئەوانەی ووشەکانیان ڕوون بۆتەوە کە بە یەك دادانو پێچەوانەو هەڵوەشاندنەوەو خاڵی بوونی تێدایە بۆ حەق و ڕاستی، جا ئەو جوولەکانە زۆر زێدە ڕەویان کردوە وە ئەو گاورانەش زێدە ڕەویان تیا کرد، جوولەکەکان خودا لەکە دار دەکەن و تەنقیصی دەکەن بەو بوهتانە گەورەیەی بۆ خۆی و دایکیان هەڵبەست وە گاورەکانیش زێدە ڕەویان کرد لەوەی کە هەندێ شتیان سەبارەت بەو ووت کە تێیدا نییە، جا لە بەرامبەر بەو لەکەدارکردنەی جوولەکە گاورەکان لە مەقامی پێغەمبەرایەتی بەرزیان کردەوە بۆ نەقامی پەروەردگاری(الربوبیة)، پاکی و بێ گەردی برزو باڵا لەوەی ئەوان و ئەوانی تریش دەی ڵێن، پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو خوایەی کە تەنها شایەنی پەرستنە بە حەق لاإله إلاّ هو)).**

## سیفەتەکانی پێغەمبەر عیسی (علیه السلام)

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

وە هەر کافرێك بای (فوو)ی، یاخود بۆنی هەناسە دانەوەی عیسای پێ بگات یەکسەر دەمرێت، وە بای هەناسەکەی لەو شوێنە دەوەستێت کە بینینی تێدا کۆتایی دێت، واتە چەندە چاوی بڕ بکات ئەوەندەش نەفەسەکەی دەڕوات، وە تا ئەو سنورەش کافران دەمرن لە دەوری.

وە لە نێوان من و ئەودا ـ واتە (عیسی)ـ هیچ پێغەمبەرێك نىیە، وە ئەو لەئاسمان دادەبەزێت، جا کە بینیتان بیناسن: پیاوێکی مام ناوەندیىە لە نێوان سوری و سپی دا.

لە دوو پۆشاکی ڕەنگ بەرەو زەرد دایە. دەڵێی ئاوی لێ دەتکێ ئەگەر ئاویشی بەر نەکەوتبێت.

وە پێشەواکەی موسڵمانان پاشەکشە دەکات بەرەو دواوە بۆ ئەوەی عیسی ـ علیه السلام ـ بێتە پێشەوەو پێشی دەڵێت: فەرمووە وەرە نوێژمان بۆ بکە !.

عیسی دەستی لە ناو شانی ئیمامەکە دادەنێت و پێی دەفەرموێت:نەخێر پێشەوا لە خۆتانە، ئێوە هەندێکیان لە سەر ئەوانی ترتان پێشەواو ئەمیرن. ڕێزی خوایە بۆ ئەم ئوممەتە.فەرموو خۆت پێشکەوە. وە ئیمامەکە پێش نوێژیان بۆ دەکات.

## لە ناوچوونی دەجال و جولەکە شوێن کەوتەکانی و کۆتایی هاتنی ئاشوب و فیتنەکەی.

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

لە پاشان عیسی دەیەوێت دەجال بگرێت و بیکوژێت.

وە دەجال حەفتا هەزار جولەکەی لەگەڵەو هەموشیان بەچەك و شمشێرەوە.

وە عیسی لە شارێکی نزیك (بیت المقدس) بەناوی (لُدّ) دەگات بە دەجال، وە بە حەربەکەیەوە بەرەو دەجال دەچێت، وە هەر کە دەجال چاوی بە عیسا کەوت دەتوێتەوە تا دەمرێت، هەروەکو چۆن خوێ لەناو ئاودا دەتوێتەوە[1]، وە ئەگەر لێی بگەڕێت دەتوێتەوە تا دەمرێت و لەناو دەچێت، بەڵام خوای گەورە بەدەستی عیسا دەیکوژێت و بەحەڕبەکەی لە سینگی دەدات تا خوێن بە حەڕبەکەیەوە دەبینێت و دەیکوژێت، لای ڕێگە تەنکەکەی (أفیق) کە شۆڕ دەبێتەوە بەرەو ئەردەن.

وە خوای گەورە جولەکە تێك دەشکێنێت و موسڵمانان سەردەخات بەسەر یانداو دەیان کوژێت. وەهیچ شتێك نابێت جولەکە خۆی لەپاڵ بشارێتەوە نەدار نەبەرد نەدیوار نە ئاژەڵ. وە خوای گەورە هەموو شتێك کە جوولەکە بیەوێت خۆی لا حەشار بدات. دەیهێنێتە قسەو بەموسڵمانان دەڵێت: ئەی (عبداللە)ی موسڵمان، ئەوە جولەکەیەکە لە دوای من خۆی شاردۆتەوە، وەرە بیکوژە.

تەنها درەختی غەرقەد نەبێت کە درەختی خۆیانە، شاهیدیان لەسەر نادات.

---

[1] چونکە هەر کافرێك بۆنی هەناسە دانەوەی عیسای بگاتێ یەکسەر دەمرێت.

# بەچی حوكم دەكات

## ئەرك و بەرنامەی پێغەمبەر عیسی (علیه السلام) دوای كوشتنی دەجال وە بڵاوبونەوەی ئاسایش و بەرەكەت لە سەردەمی ئەودا

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

لە پاش كوژرانی دەجال خەڵكی حەوت ساڵ بە تەبایی دەژین و ناكۆكی نابێت لە نێوان هیچ دوو كەسێكدا. وە (عیسی)ی كوڕی مەریەم لە ناو ئوممەتەكەی مندا:

١. حەكەمێكی دادپەروەرو، پێشەوایەكی ڕێنماكارو عادل دەبێت .

٢. (محمد) بە ڕاست دادەنێت و لە سەر شەریعەتەكەی ئەو دەبێت.

٣. وە دەجەنگێت دژی خەڵكی لەسەر ئیسلام .

٤. وە خاچ (صلیب) دەشكێنێت[١] .

٥. بەراز دەكوژێت[٢]،

٦. سەرانە (جزیة) لادەبات[٣] .

٧. وە خوای گەورە لە زەمانی ئەودا هەموو دینەكان لە ناو دەبات، تەنها ئیسلام نەبێت. وە بە قورئانو سوننەت پێشەوایەتیان دەكات وە ڕقو كینەو حەسادەت نامێنێت.

وەكەس نییە پێویستی بە پارە بێت و، یارمەتی و زەكات و خێر وەربگرێت.

وە هەروەها نوێژو سوجدەیەك خێر ترە لەو كاتەدا لە بەخشینی هەموو ماڵی دونیا، چونكە لەوكاتەدا كەس خێرو پارەت لێ وەرناگرێت و كەس پێویستی پێی نیەو ماڵ زۆرە[٤] .

٨. وە بانگەوازی تەنها بۆ لای خوا دەبێت.

---

[١] شكاندنی خاچ (الصلیب) بە واقیعی لە لایەن (عیسی)وە ئیعتیقادە پوچەڵەكەی گاورەكان هەڵدەوەشێنتەوە، كە خاچ بەگەورە دادەنێن، وە زۆربەی خاچەكانیان وێنەی عیسای لەسەر كێشراوە" چونكە وا گومان دەبەن كە عیسی لەسەری لە خاچ دراوە.

[٢] كوشتنی بەرازو لە ناوبردنی، بەدرۆخستنەوەی گاورەكانە كە دەڵێن ئێمە شوێنكەوتەی عیساین لەگەڵ ئەوەشدا بە حەلاڵی دەزانن خواردنی بەرازو زۆر لایەن بەڕێزە بەلام عیسی (**علیه السلام**) بە حەرامی دادەنێتت ڕابگیرێت یا بوخرێت، وە بە حەلاڵی دادەنێت بكوژرێت.

[٣] واتە سەرانە ناهێڵێت و لە كەسی وەرناگرێت لە بەرامبەر مانەوەیان لەسەر دینەكەیان بەڵكو یا دەبێ موسوڵمان بن وەیا دەكوژرێن و لەناو دەبرێن. بەو شێوەیە خوای پەروەردگار هیچ دینێك ناهێڵێت جگە لە ئیسلام. وە دوای ئەوە كەس نامێنێت لە ئەهلی كیتاب لەسەر دینی خۆی مابێتەوە تا سەرانە بدات.

[٤] (ماڵ زۆر دەبێت: بە بەرەكەتی خوایی لە پاشان بەهۆی عەدالەتی عیساو نەمانی زوڵم و ستەم و خیانەت. وە بەهۆی دەركەوتنی گەنجینەو سامانی ناو زەوی، وە هەروەها كەس نابێت پارە وەرگرێ، چونكە خەڵكی دەزانن كە دابەزینی عیسا نیشانەی نزیك بوونەوەی ڕۆژی دوایی‌و دونیا تێك چوونەو، دونیا بەرەو نەمانە. وە ئەو كاتە تەنها سوجدە بردنێك خێرتر دەبێت لە دونیاو ئەوەش كە لە دونیادایە).

## حەج کردنی پێغەمبەر عیسی (علیه السلام)

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، عیسای کوڕی مریەم لە (ڕەوحائەوە)[1] دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە بۆ وەڵام دانەوەی بانگی خوا (( کە نیەتی حەج یا عومرە یا هەردووکیان بەیەکەوە)).

واتە دەڵێت: {(لبيك حَجّا أو عمرة ) (لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك)}[2].

## پلەی ئەوانەی هاوەڵێتی ئەو دەکەن

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

لە پاشان قەومێك دێن بۆ لای عیسی(علیه السلام) کە پەروەردگار پاراستبونی لە دەجال، وە عیسی(علیه السلام) دەست دەهێنێت بە دەم و چاویاندا و پلەو دەرەجەی خۆیان پێ دەڵێت کە لە بەهەشدا دەستیان دەکەوێت.

## دەرکەوتنی یأجوج و مأجوج

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

وە لەو کاتەدا خوای گەورە وەحی دەنێرێ بۆ عیسا پێی دەفەرموێت: من بەندە گەلێکی خۆمم کە (یأجوج ومأجوج)ە دەرخستون، کە کەس توانای جەنگ کردنی نییە بە رامبەر ئەوان، لە بەرئەوە بەندە موسڵمانەکانم بدە پاڵ کێوی (طور) و لەوێ بیان شارەوەو پەنایان بدە.

وە خوای گەورە (یأجوج مأجوج) دەنێرێت، کە لە هەموو بەرزیەکەوە شۆڕدەبنەوە دێن بەپەلە لە سەرەتاکەیان بە دەریاچەی (طبریە)دا دەڕوات وەکەمێ ئاوی تێدایە هەمووی دەخۆنەوەو کۆتایی پێدێنن. وەکە کۆتاییەکان دەگاتە سەر دەریاچەکە دەڵێن: جاران ئێرە ئاو بوو! !.

لە پاشان دەڕۆن تا دەگەنە کێوی (خەمر) لە بیت المقدس، وە دەڵێن:خەڵکی سەر زەوی کەس نەماوە، هەموومان کوشتن، دەی ئەمجار با ئەهلی ئاسمان بکوژین، وە بە تیروکەوانەکانیان تیر دەگرنە ئاسمان. بەڵام خوای گەورە سەرەو خوار دەی گەڕێنێتەوە بۆسەر خۆیان بە خوێناویەوە. وە پێغەمبەر عیسا لەگەڵ هاوەڵانی هەر لە کێو گیر دەخۆن و تەنگیان پێ هەڵ دەچنرێت، تا وایان لێ دێت لە برسان و پێویستی یان سەرە گایەك بۆ یەکێکیان باشترە لە سەد دیناری ئەمڕۆ بەلای یەکێك لە ئێوە.

وە عیسا پێغەمبەرو هاوەڵانی بە مل کەچی و موحتاجی یەوە داوا لە خوا دەکەن ڕزگاریان بکات لەو تەنگانەو ناڕەحەتیە، وە ئەو قەومە دڕندەیە کە (یأجوج و مأجوج)ە لەناو بەرێت.

---

[1] **شوێنێکە لە نێوان شاری مەدینەو دۆڵی(الصفراء) لە ڕێگای مەککە.**

[2] (لبيك اللهم لبيك لاشريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك ،لاشريك لك).

**واتە ئەی (الله) وەڵامی تۆ دەدەمەوەو داواکاریەکانت بەجێ دەگەیەنم و، فەرمانەکانت جێ بەجێ دەکەم بە بەردەوامی و پابەند دەبم بە گوێڕایەڵیٔ تۆ جار لە دوای جار**

.

وە خوای گەورەش وەلامیان دەداتەوەو کرمی ناو لووتی وشترو مەڕو مالاتیان بۆ سەر گەردنیان دەنێرێت و تێکیان دەشکێنێت و کەلاکە کەیان دەکەوێت. وەکو یەك کەس بکەوێت. هەموویان تێکڕا بەیەکەوە بە هیلاك دەچن.

لە پاشان پێغەمبەر عیساو هاوەڵانی لە کێو دادەبەزنە سەر زەوی، بەڵام شوێن بستێکیشیان دەست ناکەوێت ئیللا بۆگەنی و کێم و زوخاوی لاشەی یأجوج و مأجوج پڕی کردووە.

دیسان جارێکی تر پێغەمبەر عیساو هاوەڵانی لە خوا دەپاڕێنەوە کە لەو بۆگەنە ڕزگاریان بێت خوای پەروەردگاریش باڵندەی گەورە دەنێرێت کە ملیان وەکو ملی وشتر درێژو گەورەیە.

وە باڵندەکان لاشە بۆ گەنەکان هەڵدەگرن و دەیانبەن لە شوێنێکی چۆڵەوانی چاڵدا فڕێیان دەدەن کە خوا مەبەستیەتی لەوێ فڕێ بدرێت.

لە پاشان بارانێك دەبارێت کە هیچ ماڵێکی کۆچەریو شاری نا مێنێت ئیللا دەیچێتێو زەوی تەواو دەشواتەوەو وەکو ئاوێنەی لێ دێت.

## ژیان خۆشی دوای کوشتنی دەجال و لەناو چوونی یأجوج و مأجوج

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

دوایی بەزەوی دەوترێت: بەرهەمەکەت بڕوێنەو بە ڕەکەتەکەت بگەڕێنەوە بۆ خەڵکی.

لەو ڕۆژەدا کۆمەڵێك لە یەك هەنار دەخۆن و بەشیان دەکات و توێکڵەکەشی بەشی سێبەریان دەکات وە بەرەکەت دەخرێتە ناو شیرەوە، تا وای لێ دێت وشترێکی تازە زاو بەشی کۆمەڵێکی زۆر شیر دەدات. وە مانگایەکی تازە زاو بەشی هۆزێك لە خەڵکی دەکات. وە مە ڕێکی تازە زاو بەشی کۆمەڵێك خزم دەکات وە گا بەوەندەو ئەوەندە پارەیە دەبێت.

وە وولاخە بەرزە بە چەند درهەمێك دەبێت، وە خۆش ترین ژیان دوای مەسیحی دەجالە.

ئاسمان ئیزن دەدرێت بە باران و زەویش بە ڕووەك، وە ئەگەر بێتو دەنکە تووێك فڕێ بدەیتە سەر بەردێکیش هەر دەڕوێت. وە هیچ کێشەو ناکۆکی و ڕق و کینەو حەسودی نامێنێت.

وە ژەهری هەموو خاوەن ژەهرێك هەڵدەگیرێت و لێی دەسێندرێت.

وە ئەمن و ئاسایش لە زەویدا بڵاو دەبێتەوە تاوای لێدێت شێرو وشتر، وە پڵنگ و مانگا، وە گورگ و مەڕ بەیەکەوە دەلەوەڕن و منداڵانیش گاڵتە بە مار دەکەن و ئازاریان نادات. وە منداڵی بچوك دەست دەبات بۆ مار بێ ئەوەی پەلاماری بدات و زیانی لێ بدات.

کیژۆڵەی بچوك ڕاوی شێر دەنێت وە شێرەکەش ئازاری پێناگەیێنێت. وە گورگ لەگەڵ مەڕدا وەکو سەگی پاسەوانی لێ دێت بۆی. وە زەوی پڕ دەبێت لە سەلامەتی، هەروەکو جام پڕ دەبێت لە ئاو.

وە خەڵکی یەك بیروباوەڕو بانگەوازیان هەیەو، جگە لە (**الله**) هیچ شتێك ناپەرسترێت، وە شەڕو جەنگ نامێنێت.

## فەترەی مانەوەی پێغەمبەر عیسی (علیه السلام) لەسەر زەوی دوای دابەزینی. وە مردنی ئەوو، بڕوادارانیش دوای خۆی

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

وە عیسی (علیه السلام) چل ساڵ لە زەویدا دەمێنێتەوە دوایی دەمرێت و موسڵمانان نوێژی لەسەر دەكەن.

وە لە كاتێكدا كە ئەوان لەو حاڵەتەدان. خوای گەورە بایەكی سارد هەڵدەكات لە شامەوە، وە بایەكە لە ژێر باڵیانەوە بۆیان دەچێت و هەرچی بڕواداری ژن و پیاو هەیە ڕوحیان لەبەر دەچێت.

وە هیچ یەكێك نامێنێت كە ئیمانی لە دڵدا بێت ئیللا بایەكە دەیگرێتەوەو ڕوحی دەكێشرێت، وە ئەگەر یەكێكیان لەناوجەرگەی شاخێكیشدا بێت هەر دەیگاتێ و ڕوحی دەكێشێ.

## ڕۆژی دوایی بەسەر كێ دا دێت و دونیا بەسەر كێ دا خەراپ دەبێت ؟

**پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:**

وە خراپترینی خەڵكی دەمێنێتەوە كە بۆ خراپە لە باڵندە خێرا ترو، لە شێرو پڵنگیش دڕندەترن. هیچ چاكەیەك بە چاك نازانن و خراپەش بە خراپە دانانێن. وە شەیتان بە شێوەیەك خۆی نیشانیان دەدات و پێیان دەڵێت: ئەرێ وەڵامم نادەنەوە ؟

وە ئەوان لەسەر ئەو حاڵەتە شیرك و خراپەیەش ڕزق وڕۆزییان زۆر دەبێت و، ژیانی مادديان زۆر باش دەبێت. وە ژن و پیاویان جیماعی یەكتر دەكەن وەكو گوێ درێژ بە ئاشكراو بێ شەرمانە.

وەبەسەر ئەواندا كە خراپترینی خەڵكین دونیا تێك دەچێت و ڕۆژی دوایی دێت.

ئەو كاتە فوو دەكرێت بە كەڕەنادا (الصور)، جا هەریەكێ بیبیستێ ملی دەسوڕێنێو ڕووی تێ دەكا، وە یەكەم كەس كە دەنگی فووەكە دەبیستێت پیاوێكە حەوزی وشترەكانی بە قوڕ چاك دەكات، لە هۆش خۆی دەچێت و دەمرێت و خەڵكیش دوا بەدوای ئەودا.

دوای ئەوە خوای گەورە بارانێكی لاواز دەبارێنێت لە ئاسمان كە دونیا ساماڵەو هەوری لێ نییە.

وە لە بارانەوە لاشەی مردووەكان دروست دەبنەوەو لە پاشان كە فووی دووەم كرا بە كەڕەنادا هەموویان زیندوو دەبنەوەو هەڵدەستنەوە:

هەر وەك خوای گەورە دەفەرموویت:﴿ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُم قِيَامٌ يَنظُرُونَ﴾ (الزمر:٦٨).

لە پاشان دەوترێ: ئەی خەڵكینە وەرن بۆ لای پەروەردگارتان. خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ﴾ (الصافات: ٢٤).واتە: ڕایان گرن ئەوانە لێپرسراون و پرسیاریان لێ دەكرێ.

لە پاشان دەوترێ: نێردراوی دۆزەخ دەربكەون (دەربهێنن) دەوترێت: لە چەند؟.

لە وەلاَمدا دەوترێت: لە هەر هەزارێك (٩٩٩) نۆسەدو نەوەدو نۆ کەس ئەهلی ئاگرەو دەریان بێنن.

وە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە مندالّ سەری سپی دەبێت ﴿يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا﴾ (المزمل: ١٧).

وە ئەو ڕۆژەیە کە ﴿يَوْمَ يُكْشَفُ عَن سَاقٍ﴾ (القلم: ٤٢).

واتە پەروەردگار قاچی شیاوو لایەقی بێ وێنەی خۆی هەڵدەکات، بۆ ئەوەی بەندە ڕاستە خواناسەکان جیابنەوە لە خوانەناسەکان.

## لە کۆتاییدا دەڵێم:

**موژدەی سەر کەوتنی موسوڵمانان بە هاتنی مەهدیو دابەزینی پێغەمبەر عیسی** (علیه السلام) **:**

- **هاندەرمانە بۆ زیاتر تێکۆشان لە پێناوی خواو بلاَوکردنەوەی دینەکەی.**
- **نەك بە پێچەوانەوە :**
  - **پاڵپێدەرەوەمان بێت لە چاوەڕوانی هاتنی ئەو دووانە و،**
  - **بێ ئومێد کەرمان بێت لە گەڕانەوەی عیززەت بۆ ئیسلام پێش ئەو کاتە.**

والحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله

**( الخميس- ٢٤ ربيع الثاني- ١٤٢٣هـ )**

**جارێکی تر بە پشتیوانی خوای گەورە چاووم خشاند بەم کتێبە جوانەدا**

**لە ڕۆژی ٣ / ربيع الأول / ١٤٢٩ کۆچی**

========================================



# سایتی ئیمان وەن

www.iman1.com

# هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێ بوونەوەی ئیمان

imanonekurd@yahoo.com